www.kurdistannet.org
8-4-2006 19:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پلان دانان بۆ ئەوکەسانەی گێرە شێوێنی ئەکەن لە جامی جیهانیدا (مۆندیاڵ)



وا چاوەڕوان دەکرێت کە چەند پۆلیسی بەریتانی لە سەر جادەکانی ئەڵەمانیا بڵاوببنەوە لە کاتی یارییەکانی کاسی جیهانیدا بۆ بەرنگار بوونەوەی ئەوکەسانەی کە گێرە شێوێنی دەکەن، لەوپلانانەی کە دانراوە وەکو وەزیری ناوخۆی بەریتانی ئاماژەی پێکردووە بڵاوکردنەوەی ژمارەیەك لە پۆلیسی بەریتانی بە جل و بەرگی مەدەنی یەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕووداوەکان لە کاتی خۆیدا بەڵام ئەم پۆلیسانە هیچ دەستەڵاتێکیان پێنەدراوە کە گێرەشێوێنەکان دەستگتر بکەن. دەست دەکرێت بە جێبەجێکردنی زیاتر لە 3000 بڕیاری نەهێشتنی هاتنە ژوورەوەی ئەو کەسانە بۆ ناو ئەڵەمانیا، بۆ یەکەم جار واباوەڕدەکرێ کە تیپێکی سەربە دامەزراوی دادگای بەریتانی بڕوات بۆ ئەڵەمانیا بۆ یارمەتی دانی ئەڵەمانیەکان لە کۆکردنەوەی بەڵگە لەسەر ڕووداوەکان ئەمەو نزیکەی 100 ئەفسەری پلە بەز لەگەڵ دەبێ، ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەری پلە بەرزی ئەڵەمانی لە بەندەرەکانی بەریتانیا دادەمەزرێن بۆ یارمەتی دان لە چاودگری کردنی ئەوانەی دێن بۆ تەماشاکردنی یاریەکان، ئەم کارانە دوای چەندین کۆبونەوە دوورو درێژ لە نێوان کاربەدەستانی هەردوو وولات بەڕێوە چوو، وەزیری وەرزشی بەریتانی (ڕێشارد کابورن) ووتی ڕێك کەوتووین لەگەڵ ۆپلیسی ئەڵەمانی کە یارمەتی دەربین بۆ دانینکردنی ئاسایش، وە بەڕێزیان گوتیان ئەوکەسانەی کە گێرە شێوێنن ژمارەیان زۆر کەمن بۆ سەلماندی قسەکانم لە جامی ئەوروپا کە لە پورتوگال و مۆندریاڵی 2002 کەلە یابان و کۆریا بەڕێوە چوو، سەلماندیان کە خوڕەوشتی تەماشاکەرانی بەریتانی زۆر باش بووە چونکە لە جامی ئەوروپاوە تاوەکو ئێستاکە کێشەیەکی وا ڕووی نەداوە بە نیسبەس تەماشاکەرانی بەڕیتانییەوە. بە بۆ چوونی ئێمە نزیکەی 100000 تەماشاکەری بەریتانی دەچن بۆ دەماشاکردنی یاریەکان لە ئەڵەمانیا

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی
پەیامنێری کوردستان نێت




